من ئێوەم سوێند نەدا بۆ ڕەواندنەوەی تۆمەتێک لەسەرتان، بەڵام جبریل پێمی ڕاگەیاند کە خودای گەورە شانازی بە ئێوەوە دەکات لە لای فریشتەکان

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە دەڵێت: «موعاویە چووە لای کۆڕ وکۆمەڵێک لە مزگەوتێک، ووتی: ئایا چی وای لە ئێوە کردووە کۆببنەوە؟ ئەوانیش ووتیان: دانیشتووین بۆئەوەی یادی خوای گەورە بکەین، ئەویش (موعاویە) ووتی: بڵێن سوێند بە خودا تەنها ئەمە هۆکاری دانیشتنی ئێمەیە؟ ووتیان: واللە تەنها ئەمە هۆکاری دانیشتنی ئێمەیە، (موعاویە) ووتی: من ئێوەم سوێند نەدا بۆ ڕەواندنەوەی تۆمەتێک لەسەرتان، هیچ کەسێک نییە وەکو من فەرموودەی کەم گێڕا بێتەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرەڕای نزیکیم لێیەوە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ لای هەندێک لە هاوەڵانی کە دانیشتبوون، فەرمووی: «چی شتێک هۆکاری دانیشتنی ئێوەیە؟». ووتیان: دانیشتووین زیکر ویادی خوای گەورە دەکەین وسوپاس وحەمدی دەکەین لەسەر ئەوەی کە هیدایەتی ئێمەی داوە بۆ ئاینی ئیسلام، ونیعمەتی پێمان بەخشیووە، فەرمووی: «بڵێن سوێند بە خودا تەنها ئەمە هۆکاری دانیشتنی ئێمەیە؟»، ووتیان: واللە تەنها ئەمە هۆکاری دانیشتنی ئێمەیە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من ئێوەم سوێند نەدا بۆ ڕەواندنەوەی تۆمەتێک لەسەرتان، بەڵام جبریل پێمی ڕاگەیاند کە خودای گەورە شانازی بە ئێوەوە دەکات لە لای فریشتەکان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- چووە لای کۆڕێک لەنێو مزگەوت، پرسیاری لێیان کرد بەهۆی چی بەم شێوەیە دانیشتوون، ووتیان: دانیشتووین زیکر ویادی خوای گەورە دەکەین، موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای لێیان کرد کە سوێند بخۆن لەسەر ئەوەی تەنها بۆ یادی خوای گەورە دانیشتوون وکۆبوونەتەوە، ئەوانیش سوێندیان خوارد، پاشان پێیانی ووت: من داوای سوێند خواردنم لێتان نەکرد بۆ ڕەواندنەوەی تۆمەتێک لە سەرتان، دواتر نزیکی پەیوەندی خزمایەتی خۆی لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- باس کرد بۆیان، وهیچ کەسێك هێندەی ئەو لێی نزیك نەبووە ؛ چونکە ئوم حەبیبەی خوشکی خێزانی پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم-، هەروەها ئەو لە نووسەرانی وەحی بوو، لەگەڵ ئەمەیشدا ژمارەیەکی کەم لە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، دووا جار فەرمووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان لە ماڵەکەی دەرچوو، وبینی ئەوان لە نێو مزگەوت دانیشتوون ویادی خوای گەورە وسوپاسی دەکەن لەسەر هیدایەتدانیان بۆ ئیسلام، وئەو نیعمەتانەی پێیانی بەخشیووە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێیان کرد کە سوێند بخۆن وەکو داواکردنی موعاویە لە هاوەڵان -ڕەزای خوای لێبێت-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری پرسیار کردنەکە وداواکردنی سوێند خواردنی ڕوونکردەوە؛ ئەویش ئەوەیە: جبریل -عليه السلام- هات بۆ لای پێی ووت خوای گەورە -عز وجل- لەلای فریشتەکان شانازیان پێوە دەکات وستایشیان دەکات، وفەزڵیان باسدەکات وکردەوە چاکەکانیان پیشان دەدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3007